# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٣٦) ساڵی نۆزدەم ٩/ ئایار / ٢٠١٩/ زاینیی ١٩/ گوڵان / ٢٧١٩ کوردی ٤/ رەمەزان/ ١٤٤٠ کۆچی

236


لەم ژمارەیەدا :


**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان** ل ١

یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستور

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارتی تەندروستی** ل ٤

ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی بەرهەمە گیایی و ڕووەکی سروشتی و شێوەی دەرمانسازی و قوتووبەندکردنی

دەرمانی گیایی

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٤

تایبەت بە ڕێکخستنی مووچە و ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرانی گرێبەست

**بەیانی ژمارە(ژمارە(١٦ — ١٧ - ١٩)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢١



ناونیشان : هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٣٦) السنة التاسع عشر ٩/ أيار/ ٢٠١٩ ميلادي ١٩/ گولان/ ٢٧١٩ / كوردي ٤/ رمضان/ ١٤٤٠ هجري

236

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


**في هذا العدد:**


**القانون رقم (١) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ٢٢

قانون إعادة تفعيل مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق

وتعديل طريقة انتخاب الرئيس لحين تصديق الدستور


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ٤

**تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٤

**بيان رقم (١٦ – ١٧ – ١٩ ) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ٢١



No. 236 Date : May , 9 , 2019 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر



http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون: ٥**
**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٩/٥/٨**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠١٩/٥/٨ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور**

**ماددەی (١) :**
یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەوەشێتەوە و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کارا دەکرێتەوە.
**ماددەی (٢) :**
یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.
**ماددەی (٣) :**
**یەکەم**: بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا هەیە، تا پەسەند کردنی دەستوری کوردستان ـ عێراق کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت و، سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق دەکات و بەناویانەوە دەدوێت و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.
**دووەم**: بەدەر لە حوکمی برگەکانی (٢) و (٣) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دووجێگری دەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٤) :**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (حەفتەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم رێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

**یەکەم** :

١- لە ماوەی (٣٠) سیی رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.

٢- خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (پێنجەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو تێدایە، لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣- سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٢)دوو رۆژ لە رۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤- هەر کەسێك لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، ئەگەر ناوی ڕانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی (٢) دوو رۆژ لە رێکەوتی ڕاگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تەمییز لە ماوەی (٢) دوو رۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.

٥- سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦- ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە و، کێبرکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پاڵێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و، ئەگەر پاڵیوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

**دووەم** :

بەدەر لە حوکمی خاڵی (١) بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە پەرلەمانی کوردستان تەنها لەم خولەدا لە ماوەی (٣) سێ رۆژ لە دوای دەرچواندنی ئەم یاسایە دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە.

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم**: ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان کۆتایی دێت.

**دووەم**: سەرۆکی هەرێم لە ئەرك و دەسەلاتەکانی بەردەوام دەبێت تا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی (٦) :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٧) :**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٨) :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى نادر قەهوەچی** | **هێمن هەورامی** | **د.ڤالا فريد أبراهيم** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان - عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٤٧٨٩ لە ٢٠١٩/٤/١٠**

پاڵپشت بەحوکمی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) ، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی بەرهەمە گیایی و ڕووەکی سروشتی و شێوەی دەرمانسازی و قوتووبەندکردنی دەرمانی گیایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١): پێناسەکان**

بۆهەریەك لە ووشە و زاراوەکان کەدێت لە هەرشوێنێکدا بێت مانایەکی تایبەت هەیە وەك لە خوارەوەدا هاتووە.

١- وەزارەتی تەندروستی :- وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٣- بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی دەرمان (KMCA) لایەنی تایبەتمەند بە ڕێگە پێدان بە بەکارهێنان و پشکنین و چاودێری بازاڕی دەرمان لە هەرێمی کوردستان.

٤- شێوەی ژەمی دەرمانی (Pharmaceutical Dosage Form) دواین شێوەی ئامادەکراوی دەرمانە بۆ بەکارهینان لەلایەن بەکار هێنەرانیەوە کە لەدەرمانی گیایی و ڕووەکی یان ئامادەکراوی ڕووەك یان ئامادەکراوی سروشتی پێکدێت لە شێوەی خەپلە یان کەپسول یان هاڕراوە یان دەنکۆڵە یان گیراوە بە هەموو شێوەیەکی یان بۆیە یان فتیل یان مەرهەم یان کرێم یان موشەمای پێست یان پرژێن.

٥- ڕووەکە پزیشکییەکان : (Medicinal Plants) هەموو ئەو ڕووەکانەیە چ بە تەڕی یان ووشك بێت پێکهاتەکەی ماددەی کیمیای سروشتی و کاریگەری فیسیۆلۆژی یان دەرمانی هەیە بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردن یان چارەسەر یان بەرگری کردن و خۆپاراستن لە نەخوشی.

٦- بەرهەمی سروشتی :(Natural Product) ئەو مادەیەیە کە دەرهێنراوە لەڕووەك ، یان ئاژەڵ و گیانداران یان کانزاکان، یان ووردبینە زیندەوەرەکان ،یان گیانەوەرە دەریاییەکان ، دەشێت تەڕ یان ووشك بێت ، وەبەکاردەهێندرێت بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی یان خۆپاراستن یان چارەسەری سروشتی مرۆڤ ، وەبنچینەکانی مولەت پێدانی بەرهەمە ڕووەکیەکانی بەسەردا جێ بە جێ دەبێت.

٧- ئامادەکراوی ڕووەکی :( Herbal Preparation ) ئەو مادەیەیە کە جندراوە یان هاڕدراوە یان پاڵاوتە یان بۆیەیە یان ڕۆنی ڕووەکی یە یان چرێشە یان کرێم یان گووشراوە....هتد کەبەهۆی کرداری پارچەکرن یان تەکنیکی تایبەت یان دڵوپاندن و چڕکردنەوەوە بەدەست هاتووە وە ئەتوانێت وا دابنرێت کە ئامادەکراوی ڕووەکی هەموو مادده چالاکەکانی بنوێنێت کەچارەسەری تێدایە جا گرنگیەکەی زاندرابێت یان نا.

٨- دەرمانی گیایی: ئەو ئامادەکراوە گیای یە کە تەنها گیایەك بێت یا تێکەڵ کرابێت وە دەکرێت قوتووبەندکرابێت بە کاردێت بۆ مەبەستی پاراستن یان چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان یان بۆ هەردووکیان کە لە ڕێگەی دەم یان ڕووکاری دەرەوە دەدرێت وە دروستە پێی بووترێت بەرهەمی ڕووەکی یان گیایی و لەو دەرمانە ناچێت کە پێکهاتەکانی لە ماددەی چالاکی دەرهێندراوبێت لە ڕووەك.

٩- دەرمانی کوردەواری: ئەو بەرهەمانەیە کە لە شێوەی کۆتایی دا بەکاردەهێندرێت بۆ چارەسەری خودی (کەسی) ، لە پێکهاتەی دا ماددەی کاریگەری گیایی چالاك هەیە کە گرینگیەکی کەمی پێدراوە لە سەرچاوە زانستیە جیهانیەکان . بەڵام بەکارهێنانی کەلتوری و فۆلکلۆری متمانەی باشی پێ بەخشیوە لەسەرچاوە فۆلکلۆری و کەلتوریە جیهانیەکان.

١٠- شوێنی فرۆشتنی ڕووەك وگیای پزیشکی: دامەزراوەیەکی دەرمانی تایبەتە بە فرۆشتنی ڕووەکی پزیشکی یان (تەواوکەری خۆراکی) یان دەرمانی تێکەڵکراو کە بنەڕەتێکی ڕووەکی هەیە ، بەڕێوەدەبرێت لەلایەن پزیشکی دەرمانساز یان شارەزای گیایی.

١١- شوێنەکانی فرۆشتنی گیای کوردەواری : شوێنی تایبەتە بە فرۆشتنی گیای کوردەواری بە بێ شێوەی دەرمانی یان نەبوونی هیچ سیفەتێکی چارەسەری بۆ ئەو گیایە (کە بە دوکانی عەتارەکان ناودەبرێن).

١٢- دامەزراوەی دەرمانسازی :کارگەی دەرمان و ناوەندی شیکردنەوەی دەرمان و نوسینگەی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی دەرمان و کۆگای دەرمان و دەرمانخانەکان لە خۆ دەگرێتەوە کە ڕێگە پێدراوبن بەپێ ی یاسای سەندیکای دەرمانسازان.

**ماددەی (٢):**

هاوردەکردن و هەناردەکردن و دروست کردن یان ئامادەکردن وئاڵوگۆڕکردنی ڕووەکی پزیشکی یان ئامادەکراوی ڕووەکی یان بەرهەمە پزیشکیەکان یان شێوە دەرمانیەکانی کە لێی پێکهاتووە ئەبێت بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێ ی ڕێنمایی ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١٦) وەزارەتی تەندروستی بێت.

**ماددەی (٣):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی مۆڵەتی کارکردن بەو شوێنانە دەدات کە لەماددەی (١) ئاماژەی پێکراوە .

**ماددەی (٤):**

بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی یاسایی لە گرتنە بەری بەدەست هێنانی کارگەی ئامادەکراوی ڕووەکی ، بەرهەمی پزیشکی ، گیادەرمانی ، یان شێوەی دەرمانی کە لێی پێکدێت و قوتوو بەند دەکرێت لە ڕووەکی پزیشکی ئەم مەرجانەی پێویستە:

١- یان شێوەی دەرمانی لێی پێکدێت و قوتوو بەند دەکرێت لایەنی بەرپرس لەمۆڵەت دان لە وەزارەتی تەندروستی و پێویستە لەگەڵ داواکاریەکانی مۆڵەت دانیان وە بەڕێوەبەری هونەری کە لێپرسراوە لە کارگەی تەریب بێت ، خاڵەکانی تەریبی داواکاری ئەمانەن:

- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- بەدەست هێنانی ڕەزامەندی بەنوسراو لە شارەوانی ، بەڕێوەبەری ژینگە و هەرلایەنێکی تایبەتمەند .
- ڕووپێوی شوێنەکە (گشتی و تایبەت).
- پێشنیارکردنی ڕووپێوی بۆ تەلارەکە و دابەش کردنی ناوەوەی (Lay Out ) .
- ناوی هێڵەکانی مەبەست بە بەرهەم هێنانی ئامادەکراو.
- ناوی ئامێر و ئامرازەکانی پێشنیارکراو بۆ بەکارهێنانی لە کارگەکەدا.
- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی ئاوی کارگەکە (ناوەکی و دەرەکی).
- سیستەمی پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی هەوای کارگەکە.
- لەماوەی مانگێکدا وەڵامی داواکاریەکە دەدرێتەوە لەمێژووی داواکردنیەوە هاوپێچ لەگەڵ هەموو داواکاریەکانی .

**ماددەی (٥):**

بۆ بەدەست هێنانی کارگەی ئامادەکاری ئامادەکراوی ڕووەکی ، بەرهەمی پزیشکی ،یان شێوەی دەرمانی کە لێی پێکدێت و قوتووبەند دەکرێت لەڕووەکی پزیشکی ئەم مەرجانە پێویستە:

١- مەرجە گشتیەکان:-

أ- لەکاتێکدا کە تەلارەکە ئامادەبێت – لەپێدانی ڕەزامەندی یاسایی لەگرتنەبەری بەدەست هێنانی مۆڵەتی کارگەکە – ماوەی نێوان داواکاری بەدەست هێنانی مۆڵەتەکە و ڕەزامەندی پێدانی مۆڵەتەکە بەلایەنی کەمەوە (٦) مانگ دەبێت.

ب- بەدەست هێنانی مۆڵەتی شارەوانی و هەر لایەنێکی تایبەتمەند بەداواکاری مولەت.

ج- پێویستە ڕسوماتی کارگەکە پشت پێ بەستراو بێت بۆ تەلارو تەواو بێت بۆ هەموو ئەو دەرخراوانە کە لێی دەنوسرێت و ڕێگەنادرێت هیچ چاکسازیەك بگیرێتە بەر لەشوێنەکەدا پێش بەدەستهێنانی مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند لە وەزارەتی تەندروستی.

د- دەبێت ژمارەیەکی تەواو هەبێت لە کارمەندی مرۆیی و شارەزای هونەری و زانستی و کردەیی لە شوێنی کارکردن.

٢- مەرجە تایبەتیەکان:

**(٢-١) توانای مرۆڤی:**

أ- بەڕێوەبەری کارگە.

١- پێویستە پزیشکی دەرمانساز بێت دەست بەردار (متفرغ) بێت مۆڵەت داربێت بە پیشەکەی وە ڕەزامەندی سەندیکای پزیشکانی دەرمانسازانی کوردستانی هەبێت.

٢- پێویستە پزیشکی دەرمانسازی ئاماژە پێکراو شارەزای کارکردنی بەلایەنی کەمەوە (٢) ساڵ بێت لە پیشەی دەرمانسازی خۆی.

ب- لێپرسراوی چاودێری جۆرایەتی پێش دەست کردن بەکاری بەرهەم هێنان پێویستە:

- پزیشکی دەرمانساز یان کیمیایی بێت دەست بەردار بێت ومۆڵەتی سەندیکای پەیوەندیداری هەبێت.

- شارەزای کارکردنی بەلایەنی کەمەوە (٣) ساڵ بێت لەبواری خۆی.

ج- لێپرسراوی تاقیگە دەبێت یەکێك بێت لەوانەی کە لە ماددەی (٧) دا هاتووە جگە لە دەرچوانی (پەیمانگای پزیشکی دەرمانسازی).

د- کارمەندە هونەریەکان پێویستە ڕاهێندراو بن بۆ کارکردن لە کارگەکەدا و بڕوانامەی ڕاهێنانی هەبێت لەیەکێك لەشوێنە باوەڕپێکراوەکان لە وەزارەتی تەندروستی یان خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یەوە.

ز- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بکاتەوە لەکاتی گۆڕینی یان وازهێنانی بەڕێوەبەری هونەری یان لێپرسراوی چاودێری جۆریی یان لێپرسراوی تاقیگەکە لەماوەی تەنها هەفتەیەکدا لەمێژووی گۆڕانکاریەکە.

ر- دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی پیشەیی وەك جل و بەرگ کە بۆ کرێکارەکان گونجاوبێت و چاودێری کردنی پاك و خاوێنی گشتی و پابەند بوون بە یاساکانی تەندروستی یەوە وە بڕوانامەی سەلامەتی جەستەیی ساڵانەیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

**(٢،٢ )تەلاری کارگە:**

ا- پێویستە کارگەکە لەتەلارێکی سەربەخۆ دابێت و ڕووبەری تەلارەکە لە (٢٥٠٠ م٢) دوو هەزارو پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت و نزیك نەبێت لەشوێنی دانیشتوان و لەو سنورانە نەبێت کە شارەوانی دیاری کردووە بۆ پیشەسازی.

أ- دابینکردنی مەرجەکانی ژینگەیی و تەندروستی گونجاو .

ب- پێویستە بۆیەپۆشێکی ناوەوەی گونجاو کرابێت بۆ ئاسان سڕینەوە و پاکژکردنەوەو بەرگریکردن لەشێ .

ج - پێویستە زەویەکە و سەربانەکانی سفت بن درز و کەلێنی تێدا نەبن.

د- پێویستە پەنجەرەکانی ناوچەی بەرهەم هێنان کراوە نەبن و نەکرێنەوە بۆ دەرەوە.

ه- دابین کردنی ژمارەیەکی پێویست لەدەست شۆر و تەوالێت بە شێوەیەکی دابڕاو لە ناوچەی بەرهەم هێنان.

و- پێویستە ڕووناکی کارگەکە تەواو گونجاو بێت.

ز- دابینکردنی سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی هەوای تەواو گونجاو بۆ چارەسەری هەوا لە کارگەکەدا.

ح- دەبێت بەشەکانی بەرهەم هێنانی بەتەواوی جیاکراوە بێت لە شوێنەکانی تری وە پێویستە ژووری ئامادەکردن دابڕاو بێت لە ژووری لەقوتوونان و لەپاکەت کردن .

ط- دەبێت نوسینگەی بەڕێوەبەر و بەشەکانی خزمەتگوزاری (چاکسازی ، پشوودان ، ژووری ئاڵوگۆڕی جلوبەرگ ) و کۆگای هەڵگرتن جیاکراوە بن.

ی- پێویستە سیستەمی ئاوەڕۆی هەبێت.

ك- مادده خاوە سەرەتاییەکان لە قوتووی گونجاو و لێبڵ کراو دا دادەندرێت کە بە ئاشکرا لێی نووسرا بێت بە پێویستیەکانی ناسینەوەی و دڵنیایی هەڵگرتن و پارێزگاری کردن لە کۆگایەك دا کە ئامادە کراوە بۆ پێشوازی کردن لەماددەی خاوی سەرەتایی.

ل- پێویستە بەرهەمەکان بە شێوەیەکی سەلامەت هەڵبگیرێت لە کۆگای پێشوازی کردن لە بەرهەمی کۆتایدا و لێبڵ بکرێت بە کارتێکی ڕەنگ تایبەت کە وا بگەیەنێت کە پێویستە تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت هەتاکو ئەو کاتەی پەسند دەکرێت یان دەگێردرێتەوە لەلایەن چاودێرانەوە ئەگەرنا لەناودەبرێن بەپێ ی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان .

**(٢-٣) ئامێرو ئامرازەکان :**

• دابینکردنی ئامێر و ئامرازی گونجاو لەهەموو بەشەکانی بەرهەمهێنان دا بەشێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پراکتیکی بەرهەمهێنانی باش دا.(GMP)

• پێوەرەکانی چاودێری وچاکسازی خولی (دەوری) بۆ ئامێرەکان لەشوێنی بەرهەمهێناندا ڕەچاوبکرێت هەروەها چاودێری کۆگاکان بکرێت بۆ دڵنیابوون لەگونجاوی بەرکارهێنانی.

• پێویستە هەموو ڕووەکانی دەرەوەی ئامێرو ئامرازەکان بەرگری کاربێت بۆ هەڵمژینی هەر ماددەیەك یان کارلێککردن لەگەڵیدا وە پێویستە بەردەوام پاك بن.

**(٢-٤) تاقیگەکان**

أ-پێویستە کارگەکە تاقیگەی ئامادەکراوی هەبێت بە ئامێری پێویست بۆ شیکاری ئامادەکراوەکانی بەرهەم هێنان بۆ دڵنیابوون لەجۆری.

ب- دابینکردنی کارمەندی ڕاهێندراو و ئامادە بۆ ئەنجامدانی شیکاری پێویست.

ج- لەکاتی نەبوونی توانای کارگە بۆ ئەنجامدانی هەندێك لەکارەکان دەتوانێت گرێ بەست لەگەڵ تاقیگەی تایبەت و متمانە پێکراوی وەزارەتی تەندروستی دا بکات ئەویش بەئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

**(٢-٥) ئاوو ئاوەڕۆ پاشماوە:**

أ- پێویستە سەرچاوەیەکی جێگر بۆ ئاو و کارەبا دابین بکرێت لەگەڵ جێگرەوە بۆ هەر یەکێکیان.

ب- پێویستە سیستەمی چارەسەری ئاوی گونجاو بۆ ئامادەکردنی شێوەی دەرمانی و ئامادە کراوی کارگە کە دابین بکرێت.

ت- پێویستە چارەسەری ئاوی پیس و پاشماوەی شل بکرێت پێش هەناردەکردنی بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستی.

پ- پێویستە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی ئاگادار بکرێت بەو شێوازەی کە پاشماوەی ڕەقی پێ چارەسەردەکرێت.

**(٢-٦) بەڵگە و تۆمارەکان:**

أ- پێویستە هەموو بەرهەمەکانی کارگە پابەند بێت بە مەرجەکانی تۆماری بەرهەمی دەرمانی گیایی لەوەزارەتی تەندروستی و . (KMCA )

ب- پێویستە کارگە کە فایلی سەرەکی بۆ ئامادەکراوەکە دابین کردبێت کە ئەمانەی لەخۆ گرتبێت : شێوازی دروست کردن ، شێوازی شیکار کردن ، پێکهاتەی ماددەکان.

ج- پێویستە کۆمپانیاکە فایلی بۆ گشت بەرهەمەکان هەبێت لە کارگەکەدا و فایلەکە پێویستە بۆ ماوەی (٥) ساڵ بپارێزرێت لەمێژووی بەرهەم هێنانەوە.

د- پارێزگاری کردن لە بڕوانامەی شیکاری ماددە خاوە سەرەتاییەکانی بەکارهاتوو لە کارگەکەداو هەڵگرتنی بۆ ماوەی (٥) ساڵ .

هـ- پێویستە بەڕێوەبەری هونەری کارگەکە و لێپرسراوی تاقیگە واژۆی ماددەی بەکارهاتوو بکەن لە فایلی بەکارهاتووەکاندا بە ڕیزبەندی هەریەکە لەسنوری تایبەتمەندیدا.

و– پێویستە لیستێك هەبێت بەناوی ماددە سەرەکیەکانی پێکهینەری بەرهەمەکان.

**ماددەی (٦):**

لایەنی مۆڵەتپێدەر:-

وەزارەتی تەندروستی لایەنی تایبەتمەندە بە مۆڵەتدان و تۆمارکردنی کارگەکانی بەرهەمی سروشتی و ئامادەکراوی گیایی و دەرمانی گیایی و ڕووەکی پزیشکی و قوتووبەندکردنیان.

١- داواکاریەکانی مۆڵەتدان (طلبات الترخيص) دەبێت پێشکەش بکرێت لەلایەن خاوەنی پرۆژەکە و بەڕێوەبەری هونەری کارگە بە ئیمزای خۆیان دەبێت .

لەکاتی ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەرداواکاری یاسایی لە مۆڵەتدانی کارگە ئەوا مۆڵەتی کارگە بەجێ دێت .

٢- ئەم داوا کاریانەش تەنها بۆ کارگە ڕێگە پێدراوەکان دەبێت.

مۆڵەتی کردنەوەی شوێنەکانی دەرمانی گیایی:

**ماددەی (٧):**

مەرجی پێویست بۆ مۆڵەتی کردنەوەی شوێنەکە:-

بۆ کردنەوەی شوێنی دەرمانی گیایی پێویستە داواکار یەکێك لە دەرچوانی ئەم بەشانەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان یاخود زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی جیهان بێت.

١- پزیشکی گشتی .

٢- پزیشکی دەرمانساز.

٣-کۆلیژی زانست بەشەکانی (کیمیاء - بایۆلۆجی).

٤-کۆلیژی کشتوکال بەشی (ڕووەك ناسی - زانستی خۆراك).

٥- پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی بەشی (دەرمانسازی).

٦-دەرچووی هەر کۆلێژێك بێت کە پرۆگرامەکانی هاوتاو شایستەی ئەم مەرجانە بێت و کۆلێژ و پرۆگرامەکانی لەلایەن خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسند کرابێت.

**ماددەی (٨):**

مەرجی کردنەوەی شوێنەکە:-

ئەم شوێنەی کەوا تەرخان دەکرێت بۆ هەڵگرتن و خەرج کردنی دەرمانی گیایی پێویستە ئەم مەرجانەی لای خوارەوەی تێدابێت.

١- پێویستە ڕووبەری شوێنەکە لە ٢٥ م ٢ کەمتر نەبێت.

٢- پێویستە ئامێرەکانی ساردکەرەوە (سپلیت - ثلاجەی) تێدابێت.

٣- پێویستە لەناوەوەی ژوورەکە (رەف) هەبێت بۆ دانان و هەڵگرتنی دەرمانە گیاییەکان.

٤- هەموو مەرجەکانی پاك و خاوێنی تێدابێت.

٥- هەڵواسینی مۆڵەتی کارکردن لە شوێنێکی گونجاو کە بتواندرێت ببیندرێت.

**ماددەی (٩):**

مەرجی فرۆشتنی دەرمانی گیایی:-

بۆ فرۆشتنی دەرمانی گیایی لەم شوێنانە پێویستە ئەم مەرجە سەرەکیانە لەسەر دەرمانەکە هەبێت.

١- پێویستە زانیارییەکانی سەر قوتووی دەرمانی گیایی بە یەکێك لە زمانەکانی (کوردی – عربی - ئینگلیزی) بێت.

٢-نابێت بە هیچ شێوەیەك وێنە لەسەر قوتوو یا پاکێتی دەرمانی گیایی هەبێت کە ئاماژە بە چارەسەرکردنی نەخۆشی بدات بەڵام دەتواندرێت بنوسرێت کە بۆچی بەکاردێت.

**ماددەی (١٠):**

مەرجی پێویست بۆ نوسینی ماددەکە لەسەر قوتووی دەرمانی گیایی :-بۆ نوسینی ناو و بڕی ماددە گیایەکە لەسەر قوتوو یان پاکێتی دەرمانەکە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.

١- ناوی زانستی

٢- ناوی بازرگانی

٣- ناوی ماددە سەرەکییەکان و بڕەکانیان.

٤- ناوی ماددە لاوەکیەکان و بڕەکانی.

٥- شێوەی ئامادەکراو وە ئەو بڕەی کە تێیدایە.

٦- (Dosage) وە ڕێگای وەرگرتن و بەکارهێنانی.

٧- Bat ch no

٨- ڕێکەوتی دروستکردن و بەسەرچوونی.

٩- هەبوونی (Leaflet) بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ، وە هۆشداری کاریگەری لاوەکی ڕوونی پێکهاتەکان و وە (بۆچی بەکاردێت ، چۆن بەکاردێت ، کەی بەکاردێت ، چەند جار لە ڕۆژێکدا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ یان هەفتە یان مانگ)ی بەکارهێنانی بەنوسین لەگەڵیدابێت. وە ئەو کەسە نابێت بەکاری بێنێت ، بۆ نمونە منداڵ ، ژنی سکپر ، پیر ، کەسێك نەخۆشی تری هەبێت.

١٠-ناوی ماددەکە بە زمانێکی زاندراو (کوردی یان عربی) ، بە فۆنتێکی ئاسان بخوێندرێتەوە ، لەگەڵ ناوی زانستی (Botanical name) لەسەر پاکەتەکە بێت.

١١-گەر بەرهەمەکە لە ماددەیەك زیاتر بێت پێویستە ناوی پێکهاتەکانی بە شێوەیەك (لە زۆرەوە بۆ کەم (Descending Order – تێدا نوسرابێت.

١٢- بڕی ماددەکە (گرام) گەر ووشك بوو ، یان قەبارەکەی (میللیلیتر) گەر شلە بوو.

١٣- ناو و شوێنی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە لەگەڵ ژمارەی مۆڵەت و بەرواری مۆڵەت.

**ماددەی (١١):**

مەرجە گشتیەکانی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی.

١- نابێت هیچ جۆرە کارێکی پزیشکی و چارەسەری ئەنجام بدرێت لەو شوێنانەی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی و دەبێت فرۆشتنی دەرمانی گیایی دوای دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بێت وە نابێت هیچ جۆرە پڕو پاگەندەیەکی چارەسەری نەخۆش لەسەر ڕووکارو جامخانەی شوێنەکە بنووسرێت.

٢- پێویستە دەرمانی گیایی و پێکهاتە خۆراکیەکان لەلایەن (KMCA ) ەوە ڕێگەپێدانی هەبێت.
٣- ڕێکارەکانی هاوردەکردنی دەرمانی گیایی و ، دانانی نرخ و دابەشکردن وە پشکنین وەکو هەر دەرمانێکی تر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و کۆنترۆڵ کردنی جۆری (KMCA ) دەبێت.
٤- پێویستە دەرمانە گیاییەکان وەکو پێکهاتە لەلایەن دەستەی باڵای پەسند کردنی دەرمانی گیایی لەوەزارەتی تەندروستی پەسندکرابێت.
٥- هیچ دەرمانێکی گیایی نابێت بفرۆشرێت یاخود بەکاربهێندرێت تا دوای گەڕانەوەی ئەنجامی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی (KMCA ) وە ڕێگەپێدانی (اطلاق الصرف) وەردەگرێت.
٦- دەکرێت ماددەی گیایی سەرەکی (Raw material ) بفرۆشرێت بەمەرجێك.
أ- پێناسەی گیا سەرەکیەکە یان مادده خاوەکە (Raw Material) و ناوی بەرهەمەکە وشوێنی ڕواندن و چنینەوەی ، لەگەڵ سیفاتە فیزیاییە ناسراوەکانی بەرهەمەکە.
ب-تایبەتیەکانی (Raw material Specifications) مادده خاوەکەی لەسەر بێت کە ئەمانە دەگرێتەوە:
١- زۆرترین بڕی شێ. (Moisture Max %)
٢- کەمترین پێکهاتەی چالاك لەگیاکەدا کە بۆ مەبەستی چارەسەری دیاریکراو بەکاردێت ، بۆ نمونە کەمترین ڕۆنی هەڵچو ( Vo Min % ) کە لەپلەی گەرمی ژووردا و بەتێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوە.
٧- نابێت لەو شوێنانە هیچ گیراوە و پێکهاتە ئامادەبکرێت وەك گیادەرمانی.
٨- ئەو کەسەی کە مۆڵەت دراوە دەبێت کارەکانی ئەو شوێنە بەڕێوەببات وە بەرپرس دەبێت لەهەرکارێکی نایاسایی.
٩- مەرجەکانی مۆڵەت پێدان:-
١- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بەرپرسە لەپێدانی مۆڵەتی کارکردن.
٢- بەڵگەنامەی پێویست بۆ کردنەوەی ئەم شوێنانە بریتی یە لە:
أ- بڕوانامەی دەرچوون (ڕەسەن) داواکار مۆڵەت پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
ب- گرێبەستی شوێن (عقد ایجار).
ت- ناوی بازرگانی (دیاریکردنی لەژووری بازرگانی).
پ- ناوی شوێنەکە دەبێت بە (شوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی) بێت.

**ماددەی (١٢):**

لەلایەن تیمەکانی (kmca) چاودێری و بەدواداچوونی بۆ شوێنی مۆڵەتپێدراو دەکرێت وە پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ هەمان مەبەست دروست دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی و بەرهەمە سروشتیەکان یان شێوەی دەرمانی کە لێ ی پێك دێت لێی قوتووبەندکراوە لە ڕووەکی پزیشکی لەناوەندەکانی فرۆشتنی گژوگیا و ڕووەکی پزیشکی و دەرمانخانە مۆڵەتدراوەکاندا چڕدەکرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

هەموو دامەزراوە دەرمانیەکان و کۆگاکانی دەرمان و دەرمانخانەکان بۆیان هەیە مامەڵە بەم ماددانە بکەن بەمەرجێك بەشێکی تایبەتی بەدەرمانی گیایی بۆ زیاد بکەن.

**ماددەی (١٥):**

چاودێر لەسەر شێوەی دەرمانی کە پێکهاتووە لە ڕووەکی پزیشکی یان ئامادەکراوی ڕووەکی یان بەرهەمی سروشتی لەدەرمانخانەکان و ناوەندەکانی فرۆشتنی گژوگیا و ڕووەکی پزیشکی کۆگاکانی دەرمان دەکەوێتە سەر ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی و.(kmca)

**ماددەی (١٦):**

ڕێگە نادرێت جگە لە فرۆشتنی دەرمانی گیایی لەم شوێنانەدا هیچ جۆرە چارەسەرێك بکرێت، بە چارەسەری پزیشکی و چارەسەری جێگرەوە (طب البدیل)یشەوە وەکوو (کەڵە شاخ و برینکاری و زەروو و دەستکاری....هتد).

**ماددەی (١٧):**

ڕێگە نادرێت شوێنەکانی فرۆشتنی گژوگیای کوردەواری (عەتارەکان) دەرمان ئامادە یان دروست بکەن و بیفرۆشن.

**ماددەی (١٨):**

ڕێگە نادرێت لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژو گیای کوردەواری (عەتارەکان) گیایەکان بە سیفەتی چارەسەری بفرۆشن.

**ماددەی (١٩):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وقائیعی کوردستان) .

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٤٤٠/٤/٩ لە ٢٠١٩/٥/٢**

**ڕێنمایی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠١٩**
**فەرمانبەری گرێبەست**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٦٧٦) لە ٢٠١٩/٣/٢٦ و بە مەبەستی ڕێکخستنی مووچە و ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرانی گریبەست لەسەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەخوارەوەمان دەرکرد:-

**یەکەم :** هەموارکردنی مووچەی فەرمانبەرانی گرێبەست بەم شێوەی خوارەوە:-

| ژ | بڕوانامە و جۆری کار | | مووچە بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١- | دکتۆرا | پسپۆریەتی زانستی<br>پسۆریەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ١٢٥٠٠٠٠<br>١١٠٠٠٠٠ |
| ٢- | ماستەر/ دبلۆمی باڵای دووساڵ<br>بکالۆریۆس (٦) ساڵ | پسپۆریەتی زانستی<br>پسپۆریەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان | ١٠٠٠٠٠٠<br>٨٥٠٠٠٠ |
| ٣- | دبلۆمی باڵا(١) ساڵ / بکالۆریۆس (٥) ساڵ | | ٦٠٠٠٠٠ |
| ٤- | بکالۆریۆس (٤) ساڵ | | ٥٠٠٠٠٠ |
| ٥- | دبلۆم ( پەیمانگە) | | ٤٠٠٠٠٠ |
| ٦- | ئامادەیی | | ٣٥٠٠٠٠ |
| ٧- | ناوەندی | | ٣٠٠٠٠٠ |
| ٨- | سەرەتایی | | ٢٧٥٠٠٠ |
| ٩- | بێ بڕوانامە | | ٢٥٠٠٠٠ |
| ١٠- | شوفێری ئۆتومبێلی بچووك (سالۆن ، دەمبەر ، رافعە ) | | ٤٢٥٠٠٠ |
| ١١- | شوفێری ئۆتۆمبێلێ گەورە (لۆری ، قەلاب ، تەنکەر، پاس (٢١) نەفەری | | ٥٠٠٠٠٠ |
| ١٢- | شوفێری ئۆتۆمبێلێ قورس (شفل ، گرێدەر ، حەفارە ،دقاق، بلدۆزەر، عادیلە، ترنبۆل،دقاق،سەللە، هیاب کرێن) | | ٦٥٠٠٠٠ |
| ١٣- | ئیش پێکەری موەلیدە / ئیشپێکەری مەزەخە | | ٣٥٠٠٠٠ |
| ١٤- | ئیش پێکەری کارگە ( کارگەی ئیسفەلت /کسارە) | | ٥٠٠٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥- | کەناسی شارەوانی | ٤٥٠٠٠٠ |
| ١٦- | باخەوان | ٤٠٠٠٠٠ |
| ١٧- | کارەباچی / حرەفی | ٣٥٠٠٠٠ |
| ١٨- | وێنەگری فۆتۆگرافی ( مصور فوتوغرافی) وێنەگری ڤیدیۆ (مصور ڤیدیۆ) | ٣٥٠٠٠٠ |
| ١٩- | حەرەس (پاسەوان) | ٣٥٠٠٠٠ |
| ٢٠- | پێش نوێژ / پێش نوێژ و وتار خوێن / قورئان خوێن و بانگبێژ | بەپێی بڕوانامەکان |
| ٢١- | ناونیشانەکانی ڕۆشنبیری:-<br>١-أئەندام تیپ (سەماکار) ئافرەت<br>ب- ئەندام تیپ ( سەماکار) پیاو<br>٢- ستران بیژ<br>٣- میوزیك ژەن ( موسیقار<br>٤- نەخشەسازی ماڵپەر / گۆڤەندکار | <br>٥٠٠٠٠<br>٤٥٠٠٠٠<br>٣٥٠٠٠٠<br>٤٠٠٠٠<br>بەپێی بڕوانامە |
| ٢٢- | ئەو ناونیشانانەی کە نەهاتووە لەم لیستە بە پێی بڕوانامەکانیان مووچە کانیان بۆ خەرج دەکرێت | |

**دووەم :** بۆ فەرمانبەرانی دامەزراو بە گرێبەست رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت.

١- لەبەر ئەوەی فەرمانبەرانی گرێبەست بەپێی پێویستی فەرمانگە دامەزراون ناکرێت گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ بکرێت،

٢- کار بە بڕوانامەی نوێ ناکرێت لە کاتی نوێ کردنەوەی گرێبەستەکان.

٣- لە رێکەوتی ١٢/١ی هەموو ساڵێك بە دواوە لە جێ دانان ڕادەگیرێت تاکو ١٢/٣١ ی هەمان ساڵ

٤- نابێت فەرمانبەری گرێبەست تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر بێت.

٥- ناکرێت گۆڕینی ناونیشان بۆ فەرمانبەری گرێبەست بکرێت بۆ نمونە باخەوان بۆ کارەباچی وهتد.

٦- لە کاتی لە جێ دانان فەرمانبەری گرێبەست پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:-

أ- هەمان بڕوانامە یان هەمان پسپۆری بێت و پسپۆریەتیەکەی لەگەڵ فەرمانگەکەی بگونجێت.

ب- فەرمانگەکەی داوای کردبێت بە فەرمی نووسراوی کردبێت کە پێویستی پێی هەیە .

ج- وێنەیەك لە فەرمانی لە کارلادانی فەرمانبەری لەکارلادراو هاوپێچ بکرێت.

د- دەست بەکاربوون و خەرج کردنی مووچەکەی  لە پاش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / ب. میلاکات دەبێت.

هـ - پێویستە لە جێ دانان لە میلاکی هەمان فەرمانگە بێت و نابێت لە ماوەی (٦) مانگ لە ڕێکەوتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پێشوو تێپەربکات.

**سێیەم:** هەر مووچەخۆرێک بە شێوەی گرێبەست دابمەزرێت نابێت هیچ مووچەیەکی تری هەبێت یان هیچ گرێبەستێك لە دام و دەزگاکانی تری حکومی بکات.

**چوارەم:** نوێ کردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەرانی دامەزراو لەسەر بوودجەی ئاسایی لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / ب- میلاکات دەبێت.

**پێنجەم:** نوێ کردنەوەی فەرمانبەرانی دامەزراو لەسەر بوودجەی پەرەپێدان لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ب- خەرجییەکان دەبێت.

**شەشەم:** ئەوفەرمانبەرانەی کە بە مەبەستی کارکردنی رۆژانە لەسەر پێشینەی بەردەوامی مانگانە لە دام و دەزگاکان کاردەکەن ، نوێ کردنەوە و لە جێ دانیان لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ب- خەرجییەکان دەبێت جگە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە لە دەسەڵاتی بەڕێزیاندایە و پێویستە بە هەمان ناونیشان بێت و بۆ هەمان کاربێت و بەسیفەتی کارکردن دەبن نەوەك فەرمانبەری گرێبەست.

**حەوتەم:** لەکاتی داواکاری بۆ نوێ کردنەوەی گرێبەست پێویستە دوومانگ پێش تەواو بوونی ماوەی گرێبەستەکە داوابکرێت و بە پێچەوانەوە لە رۆژی دەرچوونی رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێت.

**هەشتەم:** بۆدیاری کردنی مووچەی گرێبەستی مامۆستایانی بیانی لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەم بڕانەی خوارەوە دەبێت کە بەرزترین ڕادەن:-

| | |
|---|---|
| أ-  هەڵگرانی نازناوی زانستی پرۆفسۆر | ٢٥٠٠٠٠٠ دینار |
| ب- هەڵگرانی نازناوی زانستی پ-یاریدە دەر: | |
| ١- بروانامەی دکتۆرا | ٢٢٥٠٠٠٠ دینار |
| ٢- بڕوانامەی ماستەر | ٢٠٠٠٠٠٠ دینار |
| ج- هەڵگرانی نازناوی زانستی مامۆستا: | |
| ١-  بڕوانامەی دکتۆرا | ٢٠٠٠٠٠٠ دینار |
| ٢-  بڕوانامەی ماستەر | ١٧٥٠٠٠٠ دینار |
| د- هەڵگرانی نازناوی زانستی م- یاریدەدەر | ١٦٥٠٠٠٠ دینار |

هـ- ئەو مامۆستایانەی کە لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە گرێبەست دادەمەزرێن یان دامەزراون و هاووڵاتی عراقین وهەڵگری ڕەگەزنامەی ووڵاتانی ترن بەپێی ڕەگەزنامەی عراقی گرێبەستیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.

**نۆیەم:** ڕاگرتنی دامەزراندنی فەرمانبەر لەسەر بوودجەی پەرەپێدان یان هەر داهاتێکی تر

**دەیەم:** ڕاگرتنی لە جێ دانانی فەرمانبەرانی دامەزراو لەسەر بوودجەی پەرەپێدان.

**یازدەهەم:**دامەزراندنی گرێبەست بۆ پسپۆریەتیەکانی دەگمەن کە پێویستییان بە راژەیان هەبێت بەرەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

أ- لەکاتی داواکردنی بۆ دامەزراندن پێویستە بە راپۆرتێك مەبەستی دامەزراندن و سوودگەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی روونبکرێتەوە.

ب- پێویستە ماوەی گرێبەستەکە لە لایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە دیاری کراو بێت و ساڵانە بەپێی رێکارە یاسایی و کارگیرییەکان نوێ کردنەوەی بۆ دەکرێت.

ج- بۆ نوێ کردنەوەی ساڵانە پێویستە وەزارەتی پەیوەندیدار بە راپۆرتێك ئەو کارو چاڵاکیانەی کە ئەنجامی داوە لەماوەی گرێبەستە روونی بکاتەوە و بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**دوانزدەهەم:**مووچەی گرێبەستی فەرمانبەرانی دەزگای مین کەلەکێلگەکانی(حقل)ناوچە مین رێژکراوەکان و پاککردنەوەی گوندەکان کاردەکەن و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و زیاتر بایەخدانی کەرتی کشتوکاڵی هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە بەهۆی تایبەتمەندی دەزگای ناوبراو

**سێزدەهەم:** فەرمانبەری دامەزراو بە گرێبەست ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

١- وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە ساڵێکدا.

٢- وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی (٨) رۆژ لە ساڵێکدا و حاڵەتی پێویست بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی پەسەندکراو بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە ساڵیکدا.

٣- مۆڵەتی پێش لە دایکبوون بۆماوەی (٢١) رۆژ بە مووچە.

٤- مۆڵەتی دوای لە دایکبوون بۆماوەی (٥١) رۆژ بە مووچە.

٥- پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتی لە دایکبوون دەکرێت تەنها بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ مۆڵەتی نیو مووچەی پێبدرێت واتە پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتی لە دایکبوونەکە و ئەگەر وەری نەگرت ناتوانیت دواتر داوای بکات

٦- وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (١) یەک مانگ لە ساڵێکدا.

٧- دەکرێت فەرمانبەری گرێبەست شاند و سەفەری ناوەوە بکرێت لەو حاڵەتانەی کە زۆر پێویستن بە مەرجێك شایستە داراییەکانی لەسەر بنەمای مووچەی بنەڕەتی بڕوانامەکەی خەرج بکرێت نەوەکو مووچەی گرێبەستەکەی و دەبێت فەرمانی کارگێری پێدەر بکرێت بۆ هەر شاند کردنێك.

٨- پێویستە لە گرێبەستی دامەزراندنی فەرمانبەرەکە بەپێی پێویست و پەیوەندی ئەم مەرجانەی سەرەوە ڕەچاو بکرێت و بنوسرێتەوە لە فۆرمی پەیوەست نامەکە کە لە خاڵی (یانزدەهەم) هاتووە.

**چواردەهەم :** هەژمارکردنی راژەی فەرمانبەرانی دامەزراو بە گرێبەست لەسەر بوودجەی ئاسایی لە حاڵەتێکدا لە داهاتوودا دامەزران بە هەمیشەیی بە مەرجێك پشکی خانەنشینان لێ وەربگیرێت و بەرەچاوکردنی رێنماییە کارپێکراوەکان تایبەت بە هەژمارکردنی راژە.

**پانزدەهەم:** بەپێی فۆرمی هاوپێچی ئەم کۆنووسە پێویستە گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەری گرێبەست بکرێت.

**شانزدەهەم:**کار بەهیچ بڕیارو رێنمایی و نووسراوێك ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم خاڵانەی سەرەوە بێت

**حەڤدەهەم:** ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە:

أ/ رێکەوتی ٢٠١٩/٥/١ تایبەت بە مووچە.

ب/ رێکەوتی ٢٠١٩/١/١ تایبەت بە سەرجەم بڕگەکانی تری.

**هەژدەهەم:** ئەم رێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**فۆرمی پەیوەست نامەی کارکردن**

لایەنی یەکەم /

لایەنی دووەم/ ناو ( ) لە دایك بووی ساڵی ( ) خاوەنی بڕوانامەی ( ) لە بواری ( ) ناونیشانی نیشتەجێ بوون( ) ژمارەی موبایل ( )

هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- لایەنی یەکەم ڕەزامەندبوو لەسەر کارکردنی لایەنی دووەم بە ناونیشانی ( ) لە ( ) بەپێی مەرجەکانی ئەم پەیوەستنامە.

٢- لایەنی دووەم هەڵدەستێت بە کارکردن لە ( ) بۆ ڕاپەراندنی ئەو کارانەی کە بەپێی فەرمانێك بۆی دیاری دەکات لە بواری پسپۆری و تایبەتمەندی ناونیشانی کاری لایەنی دووەم.

٣- هەرکاتێک لایەنی یەکەم پێویستی بە کارەکانی لایەنی دووەم نەما لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بۆی هەیە یەك لایەنە پەیوەستنامەکە هەڵوەشێنێتەوە ، و گرێبەستەکە تاکۆتایی مانگەکە دەبێت و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی پێویستی بە بڕیاری دادگا نییە.

٤- پێویستە لەسەر لایەنی دووەم بە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و هەست کردن بە لێپرسراویەتییەوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات و بەرپرسە لە باش بەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمبیل و کەل و پەل و شمەکانەی بە هۆی کارەکەیەوە وەریان دەگرێت و پێویستە بەپێی کۆنووسێك وەریان بگرێت و لە دوای تەواوبوونی ئەرکە کانی بەبێ کەم و کوڕی بیانگەڕێنێتەوە و بەرپرسە لە قەرەبوو کردنەوەی هەر زەرەر و زیانێك لەو بارەیەوە بە لایەنی یەکەم بگات.

٥- پێویستە لەسەر لایەنی دووەم کە نهێنی یەکانی زانیاری و دۆکیومێنتەکانی لایەنی یەکەم بپاریزرێت کە بەهۆی کارەکەیەوە دەستی دەکەوێت و بۆی نیە وێنەی زانیاری و دوکیۆمێنتەکان و ئەو نهێنی یانە بۆ هیچ لایەن و کەسێك بدرکێنێت بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت لە ڕووی یاساییەوە.

٦- کاتی دەوامی ڕەسمی لایەنی دووەم بریتی دەبێت لە کاتژمێر (٨)ی سەر لە بەیانی بۆ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ و لایەنی یەکەم بۆی هەیە ماوەی کارکردنەکە بگۆڕێت بەپێی سروشت و پێداویستی کارەکان بە هەمان مووچەی ئاماژە پێکراو لە گرێبەستەکەدا ، و پێویستە لایەنی دووەم لەو ماوەیەدا خۆی تەرخان بکات بۆ کارەکانی لایەنی یەکەم

٧- نابێت مووچە خۆر بێت لە هیچ فەرمانگە و دامەزراوەیەکی تری حکومی و پێویستە تەنها یەك مووچە وەربگرێت.

٨- لایەنی دووەم تەنها ئەو ماف و جیاوگانەی ( امتیازات ) هەیە کە لە ڕێنماییە بەرکارەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت.

٩- لایەنی دووەم بۆی نیە بە هۆی کاری تایبەتی خۆی کارەکانی سەرشانی بەپێی ئەم پەیوەستنامەیە جێبەجی نەکات و بە شێوەیەکی گشتی لایەنی دووەم پابەندە بە ئەرکەکانی فەرمانبەر کە لەیاسا و رێنماییە بەرکارەکان هاتووە.

١٠- پێویستە لایەنی دووەم ڕەوشت بەرز بێت و پابەند بێت بۆ فەرمانەکانی لایەنی یەکەم.

١١- لەبەرامبەر هەستانی لایەنی دووەم بە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەو شێوەی لێی داواکراوە بەپێی ئەم پەیوەستنامەیە لایەنی یەکەم پابەندە بە خەرج کردنی مووچەی مانگانە بۆلایەنی دووەم بە بڕی ( ) ( ) دینار لە کۆتایی مانگدا.

١٢- ئەم پەیوەستنامەیە لە بەرواری / / ەوە دەست پێ دەکات و لەبەرواری / / کۆتایی پێ دێت ، و شایانی نوێ کردنەوەیە بە رەزامەندی لایەنی یەکەم.

١٣- لەکاتی ئامادەنەبوونی (غیاب ) فەرمانبەری گرێبەست بەهەر هۆیەك پاش ماوەی (١٠) رۆژ گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

١٤- هەردوو لایەن رەزامەندین لەسەر بڕگەکانی سەرەوە بۆیە لە خوارەوە ئیمزامان کرد .

لایەنی دووەم/ لایەنی یەکەم /

تۆمار /

لاپەڕە /

ژمارەی ناسنامە /

فەرمانگە /

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە:-

**بەیانی(١٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆڕینی ( ئەم نەخۆشخانانەی خوارەوە ) بۆ (نەخۆشخانەی فێرکاری) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین .

١- نەخۆشخانەی نوێی شەهیدانی قەڵادزێ) بۆ (نەخۆشخانەی فێرکاری نوێی شەهیدانی قەڵادزێ).
٢- نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە) بۆ (نەخۆشخانەی فێرکاری ڕانیە).
٣- نەخۆشخانەی مناڵان و مناڵبوون) بۆ (نەخۆشخانەی فێرکاری مناڵان و مناڵبوون)،

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٦.

**بەیانی(١٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

- بە کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی تەندروستی گشتی هەڵەبجە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٦.

**بەیانی(١٩)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی ئاسایش) لەناو بینایی ئاسایشی گشتی هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨.

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم الإصدار: ٥**

**تأريخ الإصدار: ٢٠١٩/٥/٨**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٥) بتأريخ ٢٠١٩/٥/٨، وبموجب الصلاحية الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (١) لسنة ٢٠١٩

## قانون إعادة تفعيل مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق وتعديل طريقة انتخاب الرئيس لحين تصديق الدستور

**المادة (١):**

يلغى قانون تعليق مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨ وتفعل مؤسسة رئاسة الإقليم.

**المادة (٢):**

يلغى قانون توزيع اختصاصات رئاسة الإقليم على المؤسسات الدستورية للإقليم رقم (٢) لسنة ٢٠١٧.

**المادة (٣):**

**أولاً:** استثناءً من حكم المادة (الثانية) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، ينتخب برلمان كوردستان ـ العراق رئيساً للإقليم بمهامه واختصاصاته الواردة في قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق لحين تصديق دستور كوردستان ـ العراق والذي تحدد فيه طريقة انتخاب رئيس الإقليم واختصاصاته، ويمثل الرئيس مواطني كوردستان ـ العراق على المستوى الداخلي والخارجي ويتحدث باسمهم ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الإقليم.

**ثانياً:** استثناءً من أحكام الفقرتين (٢) و (٣) من المادة (الأولى) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، يكون لرئيس الإقليم نائبان اثنان تحدد مهامهما واختصاصاتهما من قبل رئيس الإقليم.

**المادة (٤):**

استثناءً من أحكام المادة (السابعة) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، يتخذ برلمان كوردستان لأجل انتخاب رئيس الإقليم الإجراءات الآتية:

**أولاً:**

١ـ يفتح برلمان كوردستان باب الترشح خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً بعد انتخاب هيئة رئاسة البرلمان.

٢ ـ على الراغبين في الترشح من الذين تتوافر فيهم شروط المادة (الخامسة) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، تقديم طلباتهم وسيرهم الذاتية إلى رئاسة البرلمان خلال مدة (٣) ثلاثة أيام من تأريخ فتح باب الترشح.

٣ ـ يعلن رئاسة البرلمان خلال مدة (٢) يومين من تأريخ غلق باب الترشح أسماء المرشحين المستوفين للشروط القانونية.

٤ ـ لكل من قدم الطلب الطعن أمام محكمة التمييز خلال مدة (٢) يومين من تأريخ إعلان أسماء المرشحين عند عدم إعلان اسمه، وتبت محكمة التمييز في الطعن خلال مدة (٢) يومين ويكون قرارها في هذا الشأن نهائياً.

٥ ـ ينتخب رئيس الإقليم باقتراع علني بأصوات الأغلبية المطلقة لعدد أعضاء البرلمان خلال مدة (٣) ثلاثة أيام من تأريخ صدور القرار النهائي بخصوص الطعون.

٦ ـ إذا لم يحصل أي مرشح على الأغلبية المطلقة لعدد أعضاء البرلمان يعاد الاقتراع، وتكون المنافسة بين المرشحين اللذين حصلا على أغلبية الأصوات، ويصبح المرشح الذي يحصل على الأغلبية في المرة الثانية رئيساً للإقليم، وعند وجود مرشح واحد فقط لمنصب رئيس الإقليم يجرى الاقتراع بصورة علنية، وعند حصول المرشح على أغلبية أصوات أعضاء البرلمان يصبح رئيساً للإقليم.

**ثانياً:** استثناءً من حكم البند (١) من الفقرة (أولاً) من هذه المادة يفتح برلمان كوردستان باب الترشح لمنصب رئيس الإقليم لهذه الدورة فقط خلال مدة (٣) ثلاثة أيام من تأريخ صدور هذا القانون.

**المادة (٥):**

**أولاً:** تنتهي مدة ولاية رئيس الإقليم بانتهاء مدة ولاية البرلمان.

**ثانياً:** يستمر رئيس الإقليم في ممارسة مهامه واختصاصاته لحين انتخاب رئيس بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٦):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٧):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٨):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره، وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى نادر قهوەچی** | **هيمن هورامى** | **د.ڤالا فريد أبراهيم** |
| **سكرتير برلمان** | **نائب رئيس برلمان** | **رئيس برلمان** |
| **كوردستان- العراق** | **كوردستان- العراق** | **كوردستان- العراق** |

## الأسباب الموجبة

بغية إعادة تفعيل مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق وانتخاب رئيس الإقليم من البرلمان، فقد شرع هذا القانون.